# پێشێلکاری مافی منداڵ لە کوردستان

**منداڵ لە کوردستان دوچاری زۆر لە پێشێلکردنی مافەکانی دەبێتەوە، تا ئیستاش بە هۆی ئەو شەرو تەنگو چەڵەمە ئابوورییەی دووچاری هەرێم بۆتەوە و لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی کۆتایی لە عێراق تیدا زیاوە بەگشتی، هەروەها نەمانی ئاسایش و تێکچوونی بارووددۆخی سیاسی و ئابوری بە بەردەوامی کاردانەوەی خراپی لەسەر منداڵ هەبووە، تا ئیستاش رۆژانە چەندان کێشەو تەنگو چەڵەمە دروست ئەبێت کە راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ پەیوەندییان بە ژیانی منداڵەوە هەیە، کە تائێستاش منداڵان لە حاڵەتێکی ناهەمواردا دەژین و بەهۆی تەقینەوەو ژیانیان لە مەترسی دایە، بێ بەش بوون لە گرنگترین پێداویستییەکانی بە هۆی نەبوونی داهاتی شایستە بۆ خێزان، کە دوایی ئەبێتە هۆی ئەوەی منداڵ بۆ پەیداکردنی بژێوی خێزانەکەی پەنا بۆ سەر جادە بەرێت، لە ئەنجامی ئەمەشدا دووچاری کێشەی تر دەبێتەوە وەکو وازهێنان لە قوتابخانە ومامەڵەکردنی خراپ لە گەڵیاندا لە سەر جادە، دووچاری چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی و دەرونی و تەندروستی دیکەش دەبنەوە.**



داليا دزەیی




پێشێلکاری لە مافی منداڵان، تەنها کێشەیەکی کەسی یان خێزانی نی یە، بەڵکو کێشەیەکی نەتەوایەتی و جیهانی یە. هەمومان لە یەکێ لەم هۆیانە دەرناچین: ئازار یا تاوانمان بەرامبەر منداڵێ کردبێ، یا بینومانە بەرامبەر بە منداڵ تاوان ئەکرێ، یا گوێمان لێ بوە منداڵ ئازار ئەدرێ چ لە نێو ماڵ و خانەوادەکەی یا لە نێو کۆمەڵگەو

دام و دەزگا حکومی و ناحکومی یەکاندا.

هەروەها تەمەنی منداڵ رۆڵێکی گرنگی هەیە لە قەبارەو قوڵایی ئەم کاریگەرانە کە وەک لە سەرچاوەیەک ئاماژەی پێکراوە کە ئەو منداڵانەی توشی ئازاردانی جەستەیی دەبن نزیکترن لە توشبوون بە نەخۆشی جەستەیی و دەروونی درێژخایان، هەندێک جار ئەگەر هاتوو توندوتیژیەکە بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام بوو، ئەوە لەوانەیە منداڵەکە توشی نابینایی وبیرکۆڵی یان دواکەوتنی گەشە بێت و یان رەنگە ببێتە هۆی مردن، بۆیە دەتوانین پێناسەی پێشێلکاری مافی منداڵ بەوەی ئەویش هەموو ئەو چالاکیانە



دەگرێتەوە کە دژ بە منداڵ دەکرێن و دژی بەندەکانی مافی منداڵن و کاریگەری خراپیان بەسەر ژیانی منداڵ و دوارۆژی دا دەبێت.

ئەرکی سەرەکی کە ئەبێت گرنگی پێبدرێت، ئەوەیە لە چوارچێوەی هەر یاسایەک کە دادەڕێژێت و پەیرەودەکرێت، دەبێت پاراستنی مافی منداڵی تیایدا ڕەچاو بکرێت. لەمەر گرنگی ئەم بابەتە، بایەخ ئەدەین بە لێکۆڵینەوە کردن لە سەر ژیانی منداڵان، لە پێناو کارکردن بۆ گەشەکردنی ژیانی منداڵان لە کوردستان، کە لەم قۆناغەدا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە.

ئەنجامدانی ئەم جۆرە توێژینەوەیە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بۆ زانینی گرنگی و چۆنیەتی مامەڵەی خراپ لەگەڵ منداڵان کە دەکرێت لەڕووی جەستەیی ودەروونی وکۆمەڵایەتی و سیاسی ویاسایی وهەروەها سێکسی، و داڕشتنی بەرنامەی ئیستراتیژی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو منداڵانەی دووچاری ئازارو لێدان بوونەتەوەو پەیوەندی کردن و قسەکردن لەگەڵ منداڵ. هەروەها داڕشتنی بەرنامەیەکی ئیستراتیژی بۆ پاراستنی منداڵ لە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی، ئەمانەش دەبێت لەسەر ئاستی خێزان و دەوڵەت بێت.

لەبەرئەوە پێویستە لەپێناو دروست بوونی کەسایەتی منداڵ لە سەر بناغەیەکی باش و بەکەڵک، ڕادەیەک بۆ ئەم پێشێلکاریانە دابنرێ یان کەم بکرێتەوە چونکە منداڵ بەهۆی بچووکییەوە لە

مافەکانی تێ ناگات وناتوانێت بەرەنگاری مامەڵەی خراپ ببێتەوە، لەبەر ئەوە هەتا تەمەنی منداڵ کەم بێت مامەڵەی لێدان یان پێشێلکاری دژ بە منداڵ گەورەتر دەبێت.

١. لەبەر گرنگی بابەتی پێشێلکاری مافی منداڵ، وەزارەتی مافی مرۆڤ توێژینەوەیەکی تیۆری ومەیدانی تایبەت بە بارودۆخی ژیانی منداڵان لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدا، لە چوارچێوەی تێبینی کردنی کۆمەڵە پێشێلکاریەکی جۆراوجۆر کە کار دەکەنە سەر ژیانی منداڵ بە شێوەیەکی راستەوخۆ یان نا راستەخۆ، لە ئایندە و بەرژەوەندییەکانی و ئامانجی توێژینەوە ئەوە بوو نیشاندانی پێشێلکاری مافی منداڵ، لە کوردستان، بە شێوەیەکی زانستی لەرێگای توێژینەوەی تیۆری ومەیدانی بە مەبەستی دیاریکردنی ئەو پێشێلکاریانەی کە دژی مافی منداڵ لە هەرێمی کوردستان دەکرێت لەم شوێنانەدا (لە ناوخێزان، لە قوتابخانە، لەدامودەزگاکانی چاودێری کۆمەلایەتی، لەسەرجادە، لە کارکردندا، لە ناو کۆمەڵگە) و دیارکردنی هۆی ئەو پێشێلکاریانەی کە دژی مافی منداڵ لە هەرێمی کوردستان دەکرین و کاریگەری بەسەر منداڵەوە هەیە و دیارکردنی ئەو پێشێلکارانەی کە دژی مافی ئەو منداڵانە دەکرێت کە لە باروودۆخێکی سەخت دەژین، بابەتی ئەم توێژینەوەیە دوو لایەنە (تیۆری، مەیدانی)یە، لایەنە تیۆریەکەی پشت دەبەستێت بە کۆکردنەوەی زانیاری لە سەرچاوەو لێکۆلینەوەو توێژینەوەی تر، هەروەها وەرگرتنی ئاماری پێویست لەم بوارەدا، لایەنەکەی تری توێژینەوە کە لە لایەنی مەیدانیە و پشت دەبەستێت بە



کۆکردنەوەی زانیاری لەو کەسانەی کە پەیوەندیدارن بە منداڵ وژیانی منداڵان، واتا کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتیە لەو کەسانەی کە پەیوەندیان هەیە بە ژیانی منداڵ و پەروەردەکردنی و لە دام ودەزگای تایبەت بەمنداڵ کاردەکەن (حکومی، ناحکومی) و لە هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان. و کۆکردنەوەی زانیاری لە ڕێگای دابەش کردنی فۆرم بوو کە پێکهاتبوو لە ٤٢ برگە بە شێوەی پرسیار، لەگەڵ هەندیک جۆری وەڵام، ئاراستەی چەند کەسی پسپۆرو شارەزا لەم بوارەدا بۆ ئەوەی برگەکان زیاتر زانستی و گونجاو بێت، وئەم پرسیارانەش ئەم لایەنانەی دەگرتەوە:

ڕادەی بوونی پێشێلکاری مافی منداڵ و جێ بەجێ کردنی ڕێکەوتن نامەی مافی منداڵ و پێشیلکاری مافی منداڵ لە ناو خێزان و قوتابخانە و جیاکاری ڕەگەزی لە کاتی پەروەردەکردن و ئیش کردنی منداڵ و هۆی پێشێلکاری مافی منداڵ لە کوردستان و چەند دیاردەی ناو کۆمەڵگەی کوردستانی وەک کوشتنی کچی هەرزەکار بە هۆی شەرەف و بە شودانی کچانی تەمەن بچووک و خەتنەکردن و توندوتیژی سێکسی.

هەروەها دەربارەی ئەو منداڵانەی کە لە بارودۆخێکی گران دەژین وەک منداڵی سەرشەقام و منداڵی خێزانی لێکترازاو ومنداڵی توشبوو بە نەخۆشی درێژ خایان ومنداڵی کەم ئەندام ومنداڵانی ناو خانەی ئەوجەوان وچاکسازی و منداڵی پەنابەر و چاودێری کۆمەڵایەتی و چاودێری تەندروستی و لایەنی یاری وسەرگەمی و ڕۆڵی ڕاگەیاندن وپرسیار دەربارەی هەڵسەنگاندنی ڕیکخراوەکانی تایبەت بە منداڵان لە کوردستان، وپرسیارێکی کراوەیە دەربارەی جۆری تر لە پێشێلکاری مافی منداڵ لە کوردستان لە تێڕوانینی نموونەی توێژینەوە و پرسیارێکی تریش دەربارەی پێشنیاری نموونەی توێژینەوەیە.

ئەمەش هەندێک لە ئەنجامەکانی توێژینەوە وەک لە پرسیاری یەکەم هاتبوو (ئایا تێبینی پێشێلکاری مافی منداڵ دەکەیت لە کوردستان؟) ولە وەڵامی نموونەی توێژینەوە دەرکەوت کە لە (٧٤,٥٤٪) ئاماژەیان بەوە کردووە پێشێلکاری مافی منداڵ هەیە لە کوردستان، ولە پرسیارێکی تر (ئایا ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵان بە پێی پێویست جێ بەجێ دەکرێت لە کوردستان؟) ولە وەڵامدانی نموونەی توێژینەوە دەرکەوت کە زۆربەی وەڵامەکان (نەخێر)ن، ئەمەش بۆمانی دەرخستووە کە بەندەکانی مافی منداڵ بەپێی پێویست جێ بەجێ ناکرێت، کە دەبێتە هۆی دروست بوونی هۆکارەکانی پێشێلکاری و گرنگی نەدان بە منداڵ، چونکە ئەگەر بێتو ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵان بە پێی پێویست جێ بەجێ بکرێت، ئەوە دەبێتە کۆسپێک بەرامبەر پێشێلکاری مافی منداڵ، هەروەها پرسیارێک دەربارەی هۆی بوونی پێشێلکاری لە مافی منداڵ لە کوردستان دەرکەوت لە وەڵامی نموونەی توێژینەوە کە بوونی پێشێلکاری مافی منداڵ لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی حکومەت و داب ونەریت بەڕێژەیەکی بەرزیش (٧١,٨١٪)، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە حکومەت و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی

سەرچاوەیە، بۆ فەرامۆش کردنی هەموو لایەنەکانی ژیانی منداڵ، و پرسیارێکی تریش (ئایا نەبوونی هۆشیاری دەربارەی مافی منداڵان لە لایەن هاوڵاتیانی کوردستان یاخود خێزانەوە هۆیەکی سەرەکیە بۆ پێشێلکاری؟) و لە وەڵامەکانی نموونەی توێژینەوە هاتووە کە ٨٠٪ بە (بەڵێ)یە .

دەمەش ئەوە دەردەخات کە هۆشیاری زۆرگرنگە بۆ پاراستنی منداڵ لەناو خێزان و دەرەوەی خێزان، لێرەدا دەردەکەوێت کە هاوڵاتیان و کۆمەڵگە وخێزانەکان شارەزایی تەواویان نیە دەربارەی مافی منداڵ، وپرسیارێکیش دەربارەی (هەڵسەنگاندنی خانەی ئەوجەوانان و فەرمانگەی چاکسازی لە کوردستان بەتێروانینی نموونەی توێژینەوە کە زۆربەی وەڵامەکانی ئاماژەیان بەوانە کردبوو (نەبوونی هۆکارەکانی چاکسازی و مامۆستای پێویست و کەم تەرخەمی حکومەت لەم جێگایانە و نەبوونی چاودێری لەسەر دەزگاکان و ناشارەزایی لە بواری پەروەردەکردن و کەم تەرخەمی لە فێرکردن و دابین کردنی خۆراک و نەبوونی خوێندن و فێرکردنی تەواو و نەبوونی بەرنامەی ڕێکخستن بۆ کارکردن و نەبوونی زانیاری دەربارەی مافی منداڵ و ........ هتد)، و پرسیارێکش (ئایا ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی تایبەت بە منداڵان لە کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟) کە لەزۆربەی وەڵامەکانی نموونەی توێژینەوە ئاماژەیان بەوە کردوە کە ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی تایبەت بە منداڵان لە کوردستان بەرێژەی (٣٩،٠٩٪) و(٣٠،٤٥٪) مام ناوەند و خراپە. پێشنیارەکانی توێژینەوە لە ڕەوانگەی نموونەی توێژینەوەو ئەنجامەکانی توێژینەوە بەدەرکەوت کە دەبێت زیاتر بایەخ بە جێ بەجێکردنی بەندەکانی مافی منداڵ بدرێت لە کوردستان، ئەمەش ئەرکی حکومەت و ڕێکخراوە ناحکومیەکانە و دەبێ حکومەتی هەرێم هەوڵی تایبەتی هەبێت بۆ ڕێگەگرتن لە پێشێلکاری مافی منداڵ.



لە کۆتایی وەزارەتی مافی مرۆڤ ئەم توێژینەوەیەی کرد بە کتێبێک بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەیەکی زانستی بۆ زیادکردنی زانیاریەکان لە بارەی پێشێلکردنی مافەکانی منداڵ و هەروەها سوود وەرگرتن لێی.